قوباد تاڵەبانی پێشوازی لە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکات

ئەمە چوارشەممە، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڤیکتۆریا نوڵاند، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کاروباری سیاسی بەوەکالەت کەبووەو رایگەیاند: دەبێت بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان گەڵانکاری لە شێوازی ئیدارەدانی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێت.

قوباد تاڵەبانی لە پێستکدا کە لە تێی کەمەایەتی فەیس بووك بڵاویکردووەتەوە ، رایگەیاند: لە کەبوونەوەم لەگەڵ ڤیکتۆریا نوڵاند، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کاروباری سیاسی بەوەکالەت، جێختمان کردەوە کە دەبێت بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان گەڵانکاری لە شێوازی ئیدارەدانی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێت و لە ئیدارەی داهاتووی ئەو ناوچانەدا هیچ جۆرە پەراوێزخستن و جیاوازیدانانێك نەمێنێت و وەك یەك خزمەتی هەموو پێکهاتەکان بکرێت.

ئاشکراشیکرد: سەبارەت بە ڕێی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق، هەردوولا هاوڵابووین مانەوەی هاوپەیمانان و ئامادەیی زیاتر لە هەموو رووکانەوە لەم قۆناغەدا بە سەقامگیری سیاسی و ئەمنی عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستە.